# یەکەم شت کە پەروەردگار دروستیکرد قەڵەم بوو، پێی فەرمووو: بنووسە، ووتی: ئەی پەروەردگار، چی بنووسم؟ فەرمووی: قەدەری هەموو شتێک هەتا قیامەت هەڵدەستێت

لە عوبادەی کوڕی سامتەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ئەی ڕۆڵە، تۆ تامی ئیمان ناچێژیت هەتا بزانیت ئەوەی تووشت بووە بۆی نەبووە تووشت نەبێت ونەیەتە ڕێت، وئەوەی تووشت نەبووە بۆی نەبووە تووشت بێت وبێتە ڕێت، گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «یەکەم شت کە پەروەردگار دروستیکرد قەڵەم بوو، پێی فەرموو: بنووسە، ووتی: ئەی پەروەردگار، چی بنووسم؟ فەرمووی: «قەدەری هەموو شتێک هەتا قیامەت هەڵدەستێت».عوبادە دەڵێت: ئەی ڕۆڵە، گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «ئەوەی لەسەر بیروباوەڕێک بمرێت جگە لەمە؛ ئەوا ئەو کەسە لە من نییە». ولە گێڕانەوەکەی (أحمد)دا: «یەکەم شت کە خوای گەورە دروست کرد قەڵەم بوو، پێی فەرموو: بنووسە، بۆیە لەو کاتەدا هەموو ڕووداوێکی نووسی هەتا قیامەت هەڵدەستێت». ولە گێڕانەوەکەی ئیبن وەهبدا کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەوەی باوەڕی بە خێر وشەڕی قەدەر نەبێت؛ ئەوا خوای گەورە لە دۆزەخدا دەیسووتێنێت».

[صەحیحە] [ئیبنو وەهەب لە قەدەردا گێڕاویەتیەوە - تورموزی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

عوبادەی کوڕی سامت -ڕەزای خوای لێبێت- وەسیەت وئامۆژگاری کوڕەکەی بەناوی (وەلید) دەکات بە باوەڕهێنان بە خێر وشەڕی قەدەر، وسەرەنجامە باش وچاکەکانی ئەم باوەڕهێنانەی بۆ ڕووندەکاتەوە لە دونیا وقیامەتدا، وسەرەنجامە خراپ وشەڕەکانی ئینکار کردنی باوەڕهێنان بە قەدەری بۆ ڕووندەکاتەوە لە دونیا وقیامەتدا، وبەڵگە دەهێنێتە لەسەر قسەکانی لە سونەتی پێغەمبەرەوە -صلى الله عليه وسلم- کە دەیسەلمێنێت خوای گەورە بڕیاری لەسەر قەدەری شت وڕووداوەکان داوە، وفەرمانی کردووە بە نووسینی ئەم قەدەرانە پێش ئەوەی بوونەوەرەکان دروستبکرێن، بۆیە هەر شتێک ڕوودەدات لە گەردووندا لە قەدەردا نووسراوە هەتا ڕوودانی قیامەت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5979

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee